



## ملوانکەی کلاسیکی زنجیر و شێوە چاو

جیهانی خشل و ئێکسسوار، رۆژ لە دوای رۆژ بەرهەمی تازە و لاسایی کردنەوە و تازەبوونەوەی مۆدەکانی پێشوو دەهێننە کایەوە تا سەرنجی خانمان و کچانی هەوادارانی ئێکسسوار بۆ خۆیان رابکێشن. مارکەی (ڤێرنیە)ی ئیتالی، کە تایبەتە بە داهێنان و دروستکردنی شێواز و مۆدی ئێکسسوارەکان، لە تازەترین مۆدی ئێکسسوارەکان، گرنگییان داوە بە ملوانکە زنجیر و پێکهاتووە لە ئەڵقەی شێوە چاوە، کە ئەو ئێکسسوارە لە پێشوودا هەبووە و بە مۆدێکی کلاسیك دەناسرێ، دیسانەوە لەلایەن ئەو مارکەیەوە لە ژێر ناوی (ڤۆلتا سیلسیتی - VOLTA CELESETE) نوێ کراوەتەوە و نمایشیش کراوە. ئەو ملوانکەیە لە هەردوو ماددەی تەیتانیوی سووك و یاقووتی سرووشتی دروستکراوە، کە ملوانکەیەکی درێژ و سادە نەخشە، ئەو ملوانکەیە لەگەڵ ئەو وەرزە گونجاوە تا لەگەڵ مۆدی جل و بەرگی زستانە شیاو بێت، ئەڵقەکانی ئەو ملوانکەیە لە شێوەی چیوەی چاوی مرۆڤە، کە هەر ئەڵقەیەك بە یەکتر بەستراوەتەوە، نزیکەی (١٥) سەنتیمەتر درێژ دەبێت و بە جوانی لەسەر مل دادەنیشێت، رەنگەکانی ئەو ملوانکەیە هەیە سادەیە و هەروەها رەنگاورەنگیشیان هەن، زیاتر لە رەنگەکانی (شین و سوور و رەساسی و زێڕی و پەمەیی)دا رەنگ کراون.

## تاخمە کورسی و مێز لە دیکۆریماڵەکەتدا



تاخمە مێز و کورسی، جێگەی زۆر ناگرێت و دەتوانی لە هەر شوێنێکدا دایبنیت، لە ژووری چێشت بەسوودە بۆ نان خواردن و رازاندنەوەی ژوورەکە، لە هۆڵ دادەنرێت بۆ خوێندنەوە و دانانی گوڵ و گوڵدان لەسەری، تەنانەت لە دیکۆرە مۆدێرنەکان لە ژوورەکانی دانیشتن و میوان دادەنرێت بۆ قسە کردن و گفتوگۆی تایبەت، لە هەندێ دیکۆریش وەك کەرەستەیەك بۆ جوانکردن و ئاوەدانی لە بەشێکی ماڵدا دادەنرێت، لێرەوە ئاشنای شێواز و رەنگ و دیزاینی دانانی تاخمە کورسی و مێز لە دیکۆری ماڵدا بە:

- دیزاینی دانانی مێز و کورسی: بۆ ئەوەی بێدەنگی و هێمنی لە دیکۆری ماڵەکەتدا نەمێنێت، دەتوانی تاخمێکی بچووکی رەنگاوڕەنگ هەڵبژێریت، بەتایبەت نەخشەکانیان جۆراوجۆر بن و لە مۆدە کلاسیکەکان نەبن، ئەو شێوازە دیمەنێکی زەق دروست دەکات و هێمنی دیکۆری ماڵەکەت دەشکێنێ و جێی سەرنج دەبێت، ئەم شێوازە دەکرێ لە مێزێکی شێوە مۆدێرنی سپی و سادە و کورسییەکانیش کلاسیك و رەنگاوڕەنگ بن، یان لە رەنگێکی دیکە بێت، شێوازێکی نایابی دەبێ. تەنانەت دەتوانی پێچەوانەی ئەو دیزاینەش دروست بکەیت، کە مێزێکی شێوە کلاسیك و کورسییەکانیش لە مۆدی مۆدێڕن بن.

- رەنگی مێز و کورسی: نایابترین ئەو رەنگانەی بۆ مێز و کورسی دانراون ئەوانەن: رەش و سپی، قاوەیی و رەنگی دار، رەش و زەردی تێکەڵ، رەنگی ئاگر، سوور و رەنگی نیکل، بێجی و رەش، ئەو رەنگانەش دەکرێ مێزەکە لە رەنگێك بێت و کورسییەکانیش لە یەکێك لەو رەنگانەوە پێکهاتبێت، بەڵام مەرجە تاخمەکە تێکەڵاوییان هەبێ لە یەکێك لەو دوو رەنگانەی سەرەوە.



# به (٧) هەنگاو مۆدێکی شیک بدۆزەوە

ماوە ماوە خانمان پێویستییان بە گۆڕانکاری مۆدێکی شیك و شیکتر دەبێ، تا لە مۆدی پێشوویان جیاوازییەك لە جوانییاندا بەدی بکەن. پسپۆڕانی جوانکاری (٧) هەنگاویان ئامادە کردووە، لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، دەتوانی بە پەیڕەوکردنی ئەو هەنگاوانە، مۆدێکی شیك لە جوانیدا دروست بکەیت، هەنگاوەکانیش سادە و ئاسانن، لێرەوە ئاشنای ئەو هەنگاوانە بە:

- ماکیاژ: دەتوانی بە سادەترین شێوە لە ڕێگەی گۆڕینی ماکیاژەکەت، ببیتە خاوەن مۆدێکی تازە، هەر وەك چۆن هەندێ جار هونەرمەندان و کچانی ناودار دەبینی بە ماکیاژ و بێ ماکیاژ چەندە جیاوازن، هەوڵیش بدە کە ڕەنگی سووراو و پشتە چاوت زوو زوو بگۆڕیت.

- پرچ : ماوەیەکی زۆر لە سەر پرچێك مەڕۆ، هەوڵبدە گۆڕانکاری لە تەسریحەی پرچت بکەیت، کە هەر ئارایشتێکی تازە مۆدێکی تازەیە بۆت، ئەگەر زۆر بەلایەکدا دایدەهێنیت، ئەوجارەیان هەوڵدە بەرزی بکەیتەوە، هەروەها بۆ درێژی و کورتی قژت دەتوانی کاریان لەسەر بکەیت.

- بۆیەی نینۆك: ڕەنگەکانی بۆیەی نینۆك بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، کە زۆربەیان سەرنجڕاکێش و نایابن، گۆڕانکاری لە ڕەنگی نینۆکدا مۆدێکی تازە و شیکە.

- پشتێنی نەخشین: ئەگەرچی کەرەستەیەکی ئاسایی و سادەیە، هەندێ جار بە پشتێنێکی بچووك دەتوانی مۆدێکی نایاب بۆ لەش و لارت دروست بکەیت.

- شاڵ و ملپێچ: ئەگەرچی کەرەستەیەکە بۆ گەرمکردنەوەی مل و بەرۆك، دەشتوانی سوود لە جوانی ئەو پۆشاکە وەربگریت، کاتێك لە ملت دەبێ، سەرنجڕاکێشترت دەکات.

- خشل و ئێکسسوار: هەندێ جار دەتوانی بە ئێکسسوارێك بەشێکی جەستەت جوانتر بکەیت، بۆ نموونە: بە دەستبەندێکی بچووك، دەست و مەچەکت ڕازاوەتر دەکەیت.

جانتای دەست: ئێکسسوارێکی سەرەکییە و هەموو کات لە دەستت نابێ، بەڵام ئەگەر زیاتر لە جانتایەکت هەبێ، لە دەستت جوان و ڕازاوەتر و شیك دەبێت.



# نان و نانکردنی کوردەواری

دەسترەنگینی و لێهاتوویی کابان و ئافرەتی کورد لە دێرزەمانەوە و تا ئێستا شتێکی بەرچاو بووە و لە کاری ڕۆژانەیاندا دیارە، جاران چەندین جۆرە نانی خۆمانە بە دەستی ئافرەتی کورد دەکرا، سپێدەی هەموو ڕۆژێك بە ئاگردان و سێڕ و فەرشەوە، دەستیان دەدایە تێرۆگ و ناوبرێشکە و نانی گەرمیان بۆ خواردنی بەیانی ئامادە دەکرد، هەروەها چەندینی دیکەشیان ئامادە دەکرد، لەوانە: ئەستورك و گەزالە و ناسکەنان، هەموو ئەوانە پێشوو دەکران، وادیارە نانی تیری و ئەستورەکە بە پەنیر و شەکر، تا ئێستاش لەلایەن خەڵکەوە داوا دەکرێت، هەر بۆیە چەندین شوێنی نانکردن کراوەتەوە، ڕۆژانە (٦ تا ٨) ئافرەتی نانکەر لە بەرەبەیاندا نان دەکەن، نەوەك هەر تەنیا نانی تیری، بەڵکو ئەستورەکە بە پەنیر و شەکر و ڕۆن لەم شوێنەدا و بەپێی داواکاری پێشکەشی خەڵك دەکرێت، ڕۆژانە نزیکەی (٥٠٠ تا ١٠٠٠) نان لەلایەن ئافرەتە دەسترەنگینەکانەوە دەکرێن، کە نانی گەرم و نانی تیرییە کە بە مەزرەقە ناسراوە، ئەو جۆرە نانە زیاتر دەبرژێندرێت و بە ئاگرێکی نزمەوە بۆ ئەوەی ڕەق بێت، دواجار وەك نانێکی ئامادەکراو دەبێت، دەتوانی ئەو نانە مەزرەقەیە بکەیتە تێگوشە، یان بە ئاو بیرشێنیت و لە هەر کاتێکدا بێت ئامادەیە، خاوەنەکەی دەڵێت: نانی کوردەواری لە کوردستانەوە براوەتە سەفەری حەجی مەککە و بۆ وڵاتی دیکەش وەك هیندستان، سێتی نانی تیری کە (٥٠) نانە بە (٢٥) هەزار دینارە، تەنانەت ئەو نانە دەگاتە پێشمەرگەش، چونکە وەك نانی فڕنی و سەموون نییە و تا چەند بمێنێتەوە ئاساییە و تێکناچێت، جگە لە نانی گەنم، نانی جۆش هەیە، بۆ ئەوانەیە تووشی نەخۆشی شەکرە بوون، زیاتریش ئەو نانە لەلایەن ئافرەتانی خاوەن پیشە و دەوامەوە داوا دەکرێ، ئەوانەش کە منداڵیان زۆرە و توانایی نانکردنیان نییە.





## هەست و سۆزی دایک

زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ بۆ یادێك، یان بۆنە و چین و توێژێك و تەنانەت بۆ پەلەوەر و ئاژەڵانیش دەستینشان کراوە، تا لەو ڕۆژەدا یادیان بکرێتەوە و ڕێزی زیاتریان لێ بگیرێت، ڕۆژی (٥-کانوونی دووەمی) هەموو ساڵێك بەڕۆژی نێودەوڵەتی باڵندە ناسراوە، ماوەی (١٤) ساڵە ئەو ڕۆژەیان دەستنیشان کردووە، هەر بۆیە بەم چەشنە لە وڵاتی ئەمریکا، لەو ڕۆژەدا بە وێنە و نمایشی باڵندەوە یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە، ئەمساڵیش بە چەندین وێنەی جۆراوجۆری هەست و سۆزی دایکانەی باڵندەکان بۆ بێچووەکانیان نمایشێکی تایبەت کرایەوە، کە نمایشی



## زەماوەند و هاوسەرگیری لە نێو زەریادا

## ـــــک و باوکانەی باڵندەکان



ئەمساڵ زیاتر تایبەت بوو بە دایکە باڵندەکە کە چۆن بێچووەکانی دەپارێزێت و خواردنیان پێدەدات. چەندین وێنەی جۆراوجۆری دایك و باوکە باڵندە لەو کاتەی ئاگاداری و خواردن بە بێچووەکانیان دەدەن، کە جێگەی هەست بزوێنە و دەروونی مرۆڤیش دەهەژێنێت، زۆربەی وێنەکانی دایکە باڵندە و ئەو گیاندارانە لەلایەن کچێکی ئیرلەندی بە ناوی (ڕەیچل ماکمان) گیراوە، لە وێنەکاندا بە ڕوونی دەبیندرێت کە هەست و سۆزی دایك لەلای باڵندەکان چ لە مرۆڤ کەمتر نییە، چونکە هەموو ڕەفتارێکیان لەگەڵ بێچووەکانیان وەك مرۆڤە، تەنیا ئەوە نەبێت زمانیان نییە قسە بکەن.




ڕۆژی زەماوەند و هاوسەری، ئەو ڕۆژەیە کە دوو کەس بەیەك دەگەیەنێت و ئیدی لە ژیانێکی هاوبەش و خۆشدا بە یەکەوە دەژین، بۆیە گرنگە ئەو ڕۆژە لە شوێنێکی خۆش بەڕێوە بچێ، ئەو شوێنانەی بۆ ئەو ڕۆژە نیشان کراون، بریتین لە هۆڵ و شوێنی دەرەوە و ناوچە گەشتیارییەکان، ڕەنگە بەلاتەوە گرنگ بێت کە ئاخۆ چۆن لە نێو زەریایەکدا لەگەڵ ئەوینداری ژیانت ڕۆژی هاوسەری و ئاهەنگ بگێڕن، ئەو شوێنە لە کەناری (مالدێڤ) لە کیشوەری ئاسیا دەکەوێتە ناو زەریای هیندی، کە شوێنێکە سەراپای هەر چوار وەرزی ساڵ، فێنك و دڵڕفێنە، بۆیە ئەو شوێنەیان هەڵبژاردووە کە گوزارشت لە هاوسەریەتییەکی پاك و ڕەوان بکات، ئەو شوێنە تایبەت بۆ ڕۆژی هاوسەری دروست کراوە، کە خانووێکە و ڕووبەرەکەی (١٤٧) مەتر دووجا دەبێ، لە ڕێگەی بەلەم و کەشتییەوە دەگەیتە ئەو شوێنە، شوێنی تەنیا (١٦ تا ٢٠) کەس دەبێتەوە، دەوروبەری ئەو خانووە ئاوێکی ساف و شین و جوانە، لەوێوە هاوسەران وێنەی ڕۆژی زەماوەندیان دەگرن و لەگەڵ نزیکانی خۆیان ئەو ڕۆژە بە خۆشی و لە نێو زەریادا بەڕێ دەکەن.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەندێ لە هەڵەکانت وایانکردووە، ئەو کێشانەی ئێستا تووشت ببن، بۆیە گلەیی لە کەس مەکە و سەرنجی کارەکانت بە جوانی بدە. لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆزن و لە دڵی یەکترن، هەوڵمەدە لێی دووربکەویتەوە و کەسێکی شیاوە بۆت، کەسایەتیت بەرزە و متمانەت زیاتر بە خۆت بێت.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بڕیارێکی دروستت دا لەسەر ئەو کەسەی ماوەیەکە بێزارت دەکات، بۆ ماوەیەکی زیاتر فەرامۆشی بکە و تا ئەو کاتەی لێت تێدەگات و هەنگاوی جوانت بۆ دەهاوێژێت، پەلە کردن لە کارەکانت ئەنجامەکانی باش نابێت، بۆیە بە ئارامی جێبەجێیان بکە و خۆت لە کەسانی ماڵەوە نزیك بکەوە.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەست بە شەکەتی و بێزاری دەکەیت، بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەیە ماوەیەکە بەرۆکت بەرنادەن، پێویستت بە ڕاوێژی کەسێکی نزیکی خۆتە، کە لەو گرفتانەی ئاگاداری بکەیتەوە و دڵنیابە بۆ چارەسەر دەکات، کەسایەتیت جێگیرە و بیر لە داهاتوو بکەوە، ڕابردووش ئەوەندە بە قورسی وەرمەگرە.



## پەند و وتە

- مەکسیم گۆرکی دەربارەی ڕابردوو دەڵێ :

کەشتی و کاروانی ڕابردوو، بە هیچ ئامانج و شوێنێکت ناگەیەنێت.

## تابلۆ



- ساختەکاران


کارێکی سەرنجڕاکێش و نایابی وێنەکێشی ئیتاڵی (میشیل ئەنگیلۆ میریسی دی کاراڤاگیو)یە، کە لە ساڵی (١٥٧١) لە شاری میلانۆی ئیتاڵیا لەدایکبووە، یەکێکە لە وێنەکێشەکانی سەردەمی ڕینیساس، بواری هونەرەکەی تەنیا وێنەکێشانی تابلۆ بووە، بە یەکێک لە تابلۆ ناودارەکانی ئەو وێنەکێشە دادەنرێت و لە ساڵی (١٥٩٤) وێنەکەی کێشاوە، تا ساڵی (١٩٨٧) لە مۆزەخانەی کیمبیڵ پارێزراو بووە، باس لە (٣) کەس دەکات کە یاری کۆتشینەی کۆنکان دەکەن و یەکێکیش لە دواوە ساختەیی دەکات بۆ هاوڕێیەکەی دیکەی، دەگوترێت ئەو تابلۆیە هەرگیز ناتوانرێت لاسایی و کۆپی بکرێتەوە، وێڕای ئەوەی چەندین وێنەکێشی دیکە ویستوویانە وێنەیەکی لەم جۆرە بکێشنەوە، بەڵام شکستیان هێناوە. کاراڤاگیۆ لە ساڵی (١٦١٠) کۆچی دوایی کردووە.


## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە خوێندنی بە پارە و بە زۆر ناردنی قوتابی بۆ قوتابخانە دەکات، کە هەندێ خوێندن هەن بە هێزی سەروەت و سامان دەچێتە سەر!



## هێلکەی ڕەش!





ماوەیەك لەمەوبەر، هەواڵی مریشکە ڕەشەمان بڵاوکردەوە و کە هەموو گیانی ڕەش بوو، بەڵام ئەمجارەیان لە وڵاتی ژاپۆن، هێلکەی ڕەشیش پەیدا بوو، لە دۆڵی (گلیانی گەورە – Ōwakudani) کە دەکەوێتە پارێزگای کاناگاوە لە ژاپۆن، بۆ یەکەمین جار هێلکەی ڕەش پەیدا بووە، بەهۆی بەرزی ڕێژەی کبریت لەو ناوچەیە کە سرووشتێکی گڕکانی هەیە، ئەگەر هێلکەیەك بۆ ماوەی (١٠) خولەك دابنێت، یەکسەر ڕەنگەکەی ڕەش دەبێت، لەو شوێنەشدا هێلکەکان ڕەنگیان ڕەشە و بەڵام هەمان تامی هێلکە لە ناوەوەش وەك هێلکەی ئاسایی زەردێنە و سپێنەی تێدایە، ئەو هێلکە ڕەشە بە (تاماگۆ- Kuro-tamago ) ناسراوە، لێکۆڵینەوەشیان کردووە خواردنی هێلکەی ڕەش تەمەنی مرۆڤ بۆ (٧ تا ١٤ ساڵ درێژتر دەکات.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

هەمیشە بیر و بڕوات بە کارەکانت هەبێت و ڕەنگە زۆربەی جار ئەنجامەکانت بە دڵ نەبن، بەڵام داهاتووت بەرەو باشی دەچێ، لەگەڵ کەسێکدا ناکۆکیتان هەیە و هۆکاریش کەسی بەرامبەرە، چونکە بە هەڵە لە هەندێ لایەنی تۆ تێگەیشتووە و هەوڵبدە بۆی ڕوون بکەیتەوە، گرنگی بە خۆت بدە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

هەنگاوی تەواوت گرتووە تا بە ئامانجی ئەو ئەرکەت بگەیت، پێشبینی هەموو ئەنجامەکان بکە و تا لە داهاتوودا تووشی کێشە و گرفت نەبیتەوە، کاری داهاتووت لەگەڵ ئەو کەسەی لە دڵتە گرنگی زیاتری پێبدەیت و تا هەستت پێبکات و دڵی لەسەرت بێت، دڵخۆشبە بەوەی هەتە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

کاتێك لەگەڵ کەسانێکی نزیکت مامەڵە دەکەیت، هەوڵبدە سادە بیت و تا ئەوان وا هەست نەکەن کەسێکی لە خۆبایی و خۆت لە سەرووی ئەوانەوە داناوە، ماوەی داهاتووت دژوار دەبێت و کێشەت لەگەڵ کەسێکدا زیاتر دەبێت، بە هێمنی و لەسەرخۆ چارەسەریان بکە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

جیاکاری نێوان کەسانی بە بەرژەوەندی و کەسانی هاوسۆزت بکە، هەموویان تێکەڵ مەکە و هەمان مەمەڵە لەگەڵ هەموویان مەکە، تا دەتوانی خۆت لە کێشەی کەسانی دیکە بە دوور بگرە، چونکە دواجار یارمەتی کەسێکتدا بە خراپە بۆت گەڕایەوە، ئەوەندە بە سۆزی زوو لە هەستی کەسانی دیکە دەگەیت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**


تەنیا خراپەکانی کەسێکت لەبەرچاو نەبێت، بەڵکو هەموو لایەنێکی ژیانی ببینە و بە جوانی لێی تێبگە، هەمیشە کارێکی وا بکە کەسانی دەوروبەر لێت رازی بن، نابێ تەنیا بەرژەوەندی خۆت بوێت و ئەو کەسەی لە دڵتە فەرامۆشی بکەیت، ژیرانە بیر دەکەیتەوە بۆ داهاتوو.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەپەلە بڕیاری چارەنووسساز مەدە، ماوەیەکی باش بیری لێبکەوە و پاشان ئەنجامەکانیش بهێنە پێش چاوت، با دواجار پەشیمان نەبیتەوە. هەنگاوێکی سەختت لەپێشە تا بە کارەکانت بگەیت، دوو کەسی نزیکت نێوانیان خۆش نییە و پێویستیان بە یارمەتی تۆیە تا چاکیان بکەیتەوە، کاری لەسەر بکە.






## منداڵێکی بەهێز و لەشجوان

وەرزشوانان و لەشجوانان دەزانن مەینەتی و نەهامەتی و ماندووبوون چەندە زۆرە و قورسە تا جەستەیان بەم چەشنە جوان و ڕێك دەبێ، چونکە دەبێ ڕۆژانە چەندین یاری ئاسنین و مەشقی جەستەیی بکەن، تا زۆربەی جەستەیان دەبێتە ماسولکە و جوان دەردەکەوێ، بەڵام ئەو منداڵە، بەبێ ئەوەی مەشق و ڕاهێنان بکات، لەش و لارێکی وەرزشی هەیە، وەك ئەوەی چەند ساڵە یاری لەشجوانی بکات، ئەو منداڵە خەڵکی ئوسترالیایە و ناوی (داش میگر)ـە، تەمەنی (٣) ساڵە و جەستەی پڕە لە ماسوولکەی بەهێز و توند، (ئۆرسولا میگر) دایکی منداڵەکەیە و دەڵێت: هەندێ جار کاری وادەکات کە سەرسامم دەکات، لە هەڵگرتنی شت و خۆ هەڵواسین و یاری جۆراوجۆر، داهاتووی کوڕەکەشم وەك یاریزانێکی ئۆلۆمپی و لەشجوانی دێتە بەرچاو، ئەوەی سەیرە، لەدایکبوونی ئەو منداڵە بە ڕێگەی چاندنی بلوولەوە بووە.

## جوانترین و ناسکترین مێش و مەگەز





شێوە و ڕووخساری مێش و باڵندە بچووکەکان جیاوازن، هەندێکیان ترسناك و ناشرینن، هەندێکی دیکەش جوان و بەر دڵ دەکەون، ئەوەتا پەپوولە خۆشەویستی هەموانە، خۆ (کلۆ)ش لە هەمان ڕیزی پەپوولەیە و کەچی جێگەی ڕقی هەموانە، وادیارە لە نێو ئەو گیاندارە بچووکانە جوانترینیان هەڵبژێردراوە، کە ئەویش باڵندەیەکی بچووکە ناوی (بۆدل مۆت - Poodle Moth)ـە و لەلایەن زانایەکی وڵاتی فەنزویلا بە ناوی (دکتۆر ئارتەر ئەنکیر) دۆزراوەتەوە، شێوەی جوان و خنجیلانەیە، ترسناك نییە و دەکەوێتە بەر دڵی هەموو ئەوانەی لە نزیکەوە دەیبینن.





**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بیرۆکەکانت جێگەی گومانن و وا هەست دەکەیت کە زۆربەیان سەرناگرێت و شکست دەهێنن، بەڵام ئەو پێشبینیە هەڵەیە و دەبێ هەوڵی خۆتی بۆ بدەی و زیاتر لەسەر کارەکانت بەردەوام بیت، هەست بە کەسانی بەرامبەرت بکە و چونکە شایستەی ئەوەن لە تۆوە نزیك بن.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بە هەوڵی خۆت توانیوتە بگەیتە ئەو پێگە و شوێنگەی کە هەتە، مەهێڵە کەسانی دیکە جێگەت بگرنەوە و کاری خۆت بە جوانی بکە، بیری کەسێك دەکەی، وا چاکە هەوڵێکی دیکەی بۆ بدەیتەوە و تا دواجار هەڵویستی بزانیت و ئەوەندە سەرقاڵت نەکات، گرنگی بە هەست و ناخت بدە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

گرنگی بە یەکێك لە کارەکانت بدە، ئەگەر لە یەك کاتتدا تەرکیز لەسەر کۆمەڵێك هەنگاو بکەیت، ئەو کاتە ئەنجامەکانت بە دڵ نابێت و خراپ دەبن، هەوڵبدە هەمیشە بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێت و کارەکانی ئێستاش لە دەست نەدەیت و پارێزگارییان لێ بکەیت.